گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەها پەروەردەییەکان بە پێی بنەما سەرەکییەکانی بونیاتی درامی لە شانۆی منداڵاندا

**ڕازاو ڕەشید صبری**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
razaw.sabri@su.edu.krd

**پ. ی. د. ئیبراهیم قادر محەممەد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Ibrahim.mohammed@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٦/١
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٧/٨
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Children Drama, Education, Educational Values, Text, Content Analysis*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.1.4

## پوختە

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا، دەستنیشانکردنی گرنگ ورۆڵی شانۆیە وەک هونەرێکی کاراو سەرنجراکێشی ئەدەبی منداڵان لە چاندن وگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لەلای منداڵاندا، بۆ ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵ کە تێکستە شانۆییەکەی ئاراستەکراوە. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی (وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە، بۆ شیکردنەوەی تێکستەکە ودەستنیشانکردنی بەها پەروەردەییەکانی، شێوازی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) وەک ئامرازێک بەکارهاتووە، بە پشت بەستن بە پێوەرەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بنەما سەرەکییانەی کە بەشداری لە بونیاتی درامی تێکستەکەدا دەکەن.
نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ناوەڕۆکی تێکستی شانۆیی (ڕێوی گۆرانی دەڵێت)، کە لە لایەن نوسەر (بورهان قەرەداغی)ەوە ئامادەکراوەو، لە کتێبی شانۆگەری منداڵان (ڕێوی گۆرانی دەڵێت) ئاماژەی پێکراوە. بۆ ئەوەی دەرهێنان ودەستنیشانکردنی بەهاکان لە تێکستەکەدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو وڕێکوپێک بێت ولە سەر بنەمایەکی زانستی بێت،

پشت بە پۆلێنی (ئەحمەد عەلی کەنعان) بۆ بەها پەروەردەییەکان بەستراوە و وەک پێوەرێک بەکارهاتووە .

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە، کە لە شانۆگەرییەکەدا، کۆمەلە بەهای (کامڵ بوونی کەسێتی) لە نێو کۆمەڵە بەهاکانی تر بە زۆرترین ڕێژە بەکار هاتووە، بە جۆرێک ڕێژەکەی دەگاتە (22.972%). هەروەها کۆمەڵە بەهای (نەتەوەیی ونیشتیمانی)، بە کەمترین ڕێژە بەکار هاتووە، کە ڕێژەکەی دەگاتە لە سەدا (1.351%). ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە، لە کۆی گشتی بەها پەرووەردەییەکانی نێو شانۆگەرییەکە کە ژمارەیان (٧٤) بەهای چەند بارەن، بەهای (شادی ویاری) کە سەر بە کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکانی (خۆشباری وجوانی) یە، زۆرتریین جار بەکارهاتووەو، ڕێژەکەی دەگاتە (9.459%).

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

ئەگەر شانۆ یەکێك بێت لە بەشە گرنگەکانی هونەرە جوانەکان و بریتیبێت لە گواستنەوەی دەقێکی سەر کاغەز بۆ کۆمەڵێك دیمەنی واقیعیی بەرجەستە و لە پشتیەوە ئاراستەکردنی گوتارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری یان ئاینی بێت، ئەوا دەکرێت شانۆی منداڵان سەکۆی ئاڕاستەکردنی پەیامی جۆراوجۆری وشیاریی بێت، هونەرێکە دەکرێت ڕەنگرێژبکرێت بە بەهای پەروەردەیی و لەرێگەی نواندنی تێکستە دیاریکراوەکە، لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگ و جوڵە و ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆوە، پەیامی دیاریکراو، بە زمانی منداڵانە و بەخێرایی بدرێتە منداڵی وەرگر (متلقی). بە واتایەکی دیکە؛ شانۆی منداڵان، بەشێکی گرنگە لە ئەدەبی منداڵان، هۆکارێکە بۆ پەروەردە و گەشەکردنی کەسایەتی منداڵان، بە شێوەیەك شانۆی منداڵان کار لە وروژاندنی خەیاڵی وەرگر دەکات و هەست و نەستی منداڵ ئاوێزان دەکات بە جیهانێك کە نووسەری شانۆنامەکە دایڕێژتووە و مەبەستیەتی لەرێگەی نواندن و دەرهێنانەوە پەیامەکەی خۆی بگەینێت. کە دواجار بە هەرشێوەیەك بێت منداڵ فێر دەکات چۆن بیربکاتەوە و چۆن گفتوگۆو دیالۆگ ئەنجام بدات؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێگومان پەیوەندی نێوان بەهای پەروەردەیی و تێکستی شانۆیی منداڵان، پەیوەندییەکی یەکجار توندە، بە چەشنێك نووسەری تێکستی شانۆی منداڵان ئەوەی بیەوێت دەیکاتە پەیام و لەڕێگەی گفتوگۆی کارەکتەر و ئەتمۆسفیری شانۆنامەکەی دەیداتە منداڵان. بۆیەش شانۆی منداڵان خێراترین هۆکارە بۆ ئاراستەکردنی گوتار و پەیام، بە هەر رەنگ و ئایدیا و مەبەستێك کە نووسەر بیەوێت. بەڵام کاتێك نووسەری تێکستی شانۆی منداڵان بەها پەروەردەییەکان رەچاو بکات و مەبەستی بێت کەسایەتییەکی بەهێز و وشیار لە منداڵان بچینێت، ئەوا شانۆی منداڵان باشترین شێوازی فێرکردنە و لە میانەی تێکستەکەدا دەکرێت ئەرك و بەرپرسیاریەتی و ئینتیما و بنەما نەتەوەیی و ئاکاریەکان لە هزری منداڵ بچێندرێت و فێری ژیان دۆستی بکات. بە پێچەوانەشەوە کاتێك بە مەبەستێکی ئایدۆلۆژی و رەگەزپەرستی شانۆی منداڵان دەنووسرێت، ئەوا دەئەرەنجامەکەی منداڵێکی شەرانگێز و رەگەز پەرست بەرهەم دێت. ئەمەش وایکردووە دەیان فەیلەسوف و سەدان هزرڤان و بەهەزاران توێژەر کار لەسەر کاریگەرییەکانی شانۆی منداڵان بکەن لەسەر کەسایەتی منداڵ. بۆ نمونە مارک تووین لە بارەی شانۆی منداڵانەوە دەڵێت:" شانۆی منداڵان باشترین و بەهێزترین مامۆستای ئاکار و رەوشتە، یەکێکە لە گەورەتین داهێنراوەکانی سەدەی بیستەم، کە بلیمەتی ئادەمیزاد رێی پێبرد، باشترین داکۆکیکەرە لە رەوشتی باش ، کاتێك وانەکان لە رێگەی شانۆی منداڵان دەست دەکەن بە گەشتەکەیان، لە نیوەی رێگە ناوەستێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەنجام"(عیسی،1998، ل 89).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پەردە لەسەر ئەو بەشەی گرنگی ئەدەبی منداڵان کە (شانۆ)یە هەڵبماڵرێت، ڕۆڵ و گرنگییەکەی بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بخرێتە ڕوو.

**ناونیشان و ئامانجی توێژینەوە:** ناونیشانی توێژینەوەکە: بریتییە لە(بەها پەروەردەییەکان بە پێی بنەما سەرەکییەکانی بونیاتی درامی لە شانۆی منداڵاندا- کە شانۆگەری ( ڕێوی گۆرانی دەڵێت) وەک نموونە، وەرگیراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ١_ دەستنیشانکردنی رۆڵی شانۆیە لە بواری پەروەردەدا، و گرنگیەکەی لە چاندنی بەهاو بیروباوەرەکان لە دڵ و دەروونی مندالاندا،بایەخدانی نوسەر بەشێوازەکانی نووسین بۆ منداڵان ،بە پابەند بوون بە گرنگترین بنەماکانی نووسینی درامی لە شانۆی منداڵاندا ، لە پێناو چاندن و چەسپاندنی ئەو بەهایانە لەلای منداڵان.

٢-دەستنیشانکردنی ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵ کەشانۆگەریەکەی بۆ نووسراوە.

٣ _دەستنیشانکردنی گرنگترین بەها پەروەردەییەکان لەناو تێکستەکەدا، ڕادەی بایەخپێدانی نووسەر بەو بەهایانە بەپێی ئەو قۆناغەی تەمەن کە تێکستەکەی بۆ ئاراستە کراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لە سروشتی ناونیشانەکەیەوە وەردەگرێت، ئەویش بە تیشک خستنە سەر هونەرێکی گرنگی ئەدەبی منداڵانە کە شانۆیە وەک بەشێکی پێویست لە بواری پەروەردە کردن و خۆشگوزەرانیدا، خستنەڕووی ڕۆلی ئەم هونەرە لە چاندن و گەشەکردنی بەها پەروەردەییەکان لەلای منداڵاندا، ڕادەی پابەندبوونی نوسەر بە خاسیەت و بنەماکانی نووسینی شانۆیی بەپێی ئامانجە پەروەردەییەکان و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ لە بەهێزکردن و سەقامگیرکردنی ئەو بەهایانەدا .

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** ١_ڕادەی پابەند بوونی نوسەربە بنەماکانی نووسینی درامی لە پێناوچاندنی بەها پەروەردەییەکان و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان ،بەپێی پێداویستییەکانی ئەو تەمەنەی منداڵ کە بۆی نوسراوە.

٢ _گرنگترین بەها پەروەردەییە کان چین ،کە نوسەر لەم تێکستە شانۆییەدا ئاراستەی منداڵانی کردوون .

٣ -ئایا ناوەڕۆکی تێکستەکەو خستنەڕووی بەهاکان بۆکام قۆناغی تەمەنی منداڵ دەگونجێن؟

**میتۆد و ئامرازی توێژینەوە:** لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ،بۆ شیکردنەوەی تێکستە شانۆییەکە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکار هاتووە، بە پشت بەستن بە شێوازی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک ) ، بە پێی پێوەرەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بنەما سەرەکییانەی کە بەشداری لە بونیاتی درامی تێکستەکەدا دەکەن.

**نموونەی توێژینەوەکە:** نموونەی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکە ،پێکهاتووە لە ناوەڕۆکی تێکستێکی شانۆیی منداڵان، کە لە کتێبی شانۆگەری منداڵان (ڕێوی گۆرانی دەڵێت) وەرگیراوە ، بەو پێیەی کە زۆرترین لایەنەکانی بەهای پەروەردەیی لە خۆ گرتووە .

## بەشی دووەم :چوارچێوەی تیۆری

### ١- شانۆی منداڵان

#### چەمک و ناسینی شانۆی منداڵان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە رووی زمانەوانی :

وشەی شانۆ لە زمانی ئینگلیزی کە(Theatre) ی پێ دەگوترێت "سەرچاوەی وشە ئینگلیزییەکە لە وشەی(Tgeatron) ی یۆنانی وەرگیراوە، واتە بینین و سەیرکردن. کە لە بنەڕەتدا وشەی شانۆ بەکاردێت بۆ تەختەی نمایشکردن (سەکۆی نمایش) و شوێنی بینەران." (عەبدوڵلا، 2016، ل250.)

لە زمانی عەرەبیشدا، "کە وشەی (مَسْرَح)ی بۆ بەکاردێت، لە هونەردا، شانۆ (مَسْرَح) شوێنێکی بەرزە لە تەختە دروست دەکرێ، هونەرمەندان لەسەریدا نمایشی شانۆگەری و گۆرانی و بابەتی دیکەی هونەری دەکەن." (کریم، 2006، ل 1261)

لە زمانی کوردیشدا، لە بڕی وشە عەرەبییەکە (مَسْرَح) وشەی (شانۆ) بەکارهاتووە، "بەشێک لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد پێیان وایە، کە (گۆرانی شاعیر 1905 – 1962)، یەکەمین کەس بوو کە وشەی (شانۆ)ی لە بڕی وشەی (مَسْرَح) و (تمثیل)ی عەرەبی و وشەی (تیاتر)ی ئەنگلیزی بەکارهێناوە، ئەمەش لە هۆنراوەی (جیلوەی شانۆ.. بۆ پەری سەما)دا لە دیوانی (فرمێسک و هونەر)دا کە لە ساڵی (1950)دا لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغدا چاپکراوە." (عەبدوڵلا، 2016، ل 358-359.)

هەرچی منداڵە، لە (طفل)ی عەرەبی و (Child) ی ئینگلیزی وەرگیراوە، بە مانای زارۆك (رواندزي ، 2019: 447)

لە رووی چەمك:

)ئان ڤیۆلا،1975، ل25) پێی وایە کە شانۆی منداڵان بریتییە لە "ئەو شانۆییەی کە نووسەران دەینووسن و ئەکتەرەکان بۆ جەماوەری منداڵان دەینوێنن، دەکرێت ئەکتەرەکان بچوك بن لە تەمەن یان گەورە، یان بەیەکەوە کاری نواندن بکەن". هەروەها لە رێنمایی ئۆکسفۆر بۆ شانۆ هاتووە کە "شانۆی منداڵان بریتییە لەو نمایشەی کە ئەکتەران راستەوخۆ یان لەڕێگەی بوکەڵە نواندن دەکەن، ئەو شانۆیە چ لە هۆڵی شانۆ بێت یان هۆڵی خوێندن" (هارف،2010، ل 15.)

شانۆی منداڵان: بڵاوترین چەمکە لە ئەدەبی منداڵاندا، بە جۆرێک هەموو چەمکەکانی تر لەخۆ دەگێت، بریتییە لەو ڕەگەزەی ئەدەب، کەوا مەرج وئەرک و بنەمای خۆی هەیە، تەنانەت لە شانۆی گەورانیش قورسترە، چونکە دەبێت زۆر جەخت لەسەر لایەنی هونەری بکاتەوە، هەر لە نووسینی دەق تاکو نمایشکردنی لەسەر تەختە. (مودنان، 2015، ل ٧)

یەکێک لەو خاڵانەی کە لەو پێناسەیەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئامانج و مەبەستی سەرەکی لە شانۆی منداڵاندا، وەک ئامانجێکی گرنگی ئەدەبی منداڵان ئەویش (فێرکردن و چێژ وەرگرتنە)ە.

لە رووی بەجێهێنان:

شانۆی منداڵان بریتییە لە نواندنی تێکستێکی شانۆیی کە تایبەت بۆ منداڵان نوسراوە، ئەکتەران چ بچووك بن چ گەورە لەتەمەن، لەسەر تەختی شانۆ نواندن بۆ تێکستەکە دەکەن و بە یەکێک لەو هونەرانە دادەنرێت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر منداڵان دروست دەکات و زیاتر دەچێتە نێو دڵ و دەروونیان، دەکرێت هەمیشە شانۆی منداڵان پەیامێکی رۆشنبیری و وشیاری و پەروەردەیی پێبێت.

**مەرجەکانی نووسینی تێکست بۆ منداڵان**

نووسەری منداڵان جیا لە نووسەری گەوران، لە بەرهەمهێنانی ئەدەبی منداڵاندا، دەبێت چەند بنەماو رەهەندێک لەبەرچاو بگرن و فەرامۆشی نەکەن، چونکە بە پێچەوانەوە ناتوانن ئامانجە سەرەکییەکانیان بپێکن.

ئەحمەد نەجیب لە کتێبی (أدب الأطفال علم و فن) ئاماژە بە سێ کۆمەڵە رەهەند و بنەمای سەرەکی نووسین بۆ منداڵان دەکات، کە دەبێت نووسەری منداڵان رەچاویان بکات و لێیان لانەدات، کە بریتین لە:

١ -رەچاوکردنی رەهەندە پەروەردەیی و دەروونییەکان(ألاعتبارات ألتربوية والنفسية): ئەم رەهەندە لە نێو رەهنەندەکانی تری رەچاوکردن بە پلەی یەکەم دێت، چونکە یەکێک لە گرنگترین ئەو شتانەی کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت ئەوەیە،کە نووسین بۆ منداڵان جۆرێکە لە پەروەردە، نووسەری منداڵانیش پەروەردیارە بە پلەی یەکەم لەوەی کە نووسەری چیرۆکێک یان شانۆیەک یان...هتد بێت. کەواتە رەچاوکردنی لایەنی پەروەردەیی بە بنەمای سەرەکی و یەکەم دادەنرێت لە پێناو بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی دروست و سەرکەوتوودا کە نابێت فەرامۆش بکرێت. نووسەری سەرکەوتوی منداڵانیش بە پێی بنەماکانی پەروەردەی دروست و زانستی دەروونناسی بزانێت کە چۆن بەو رەهەندە دەگات و لە نووسینی تێکستی ئەدەبیدا جێبەجێی دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانین بلێین لە نێو هونەرەکانی ئەدەبی مندالاندا، رەهەندەکانی پەروەردە خزیونەتە نێو تێکستی شانۆ و چەند شێوەو هونەرێکی شانۆگەرییان دروستکردووە، کە لەگەل پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا دروست و گونجاون، نموونەی ئەم جۆرانەش (شانۆی پەروەردەیی، شانۆی فێرکاری، شانۆی پرۆگرامەکان، شانۆی خەلاق) کەواتە خاسییەتەکانی شانۆی مندال لە رەچاوکردنی ئەو رەهەندە پەروەردەییانەوە سەرچاوە دەگرن، کەوا لەگەل رەهەندە هوونەرییەکاندا کارییگەریەکانییان ئالوگۆر دەکەن.

٢ -رەچاوکردنی رەهەندە ئەدەبییەکان (ألاعتبارات الأدبية) مەبەستیش لێی رێسا سەرەکییەکانی هوونەری نووسینە. بە شێوەیەکی گشتی (چیرۆک، شانۆ، شیعر...هتد)، تەنها بەهرەمەندیش بۆ نووسین لە بواری مندالاندا بەس نییە، بەلکو پێویستی بە خوێندنی ئەکادیمی هەیە، بۆ نموونە هۆنراوەی مندالان پێویستی بە شارەزایی رێساکانی زانستی عەروز و وەزنو قافیەی شیعری و ریتم و مۆسیقای وشەکان هەیە، ئەم گرنگیانەش پێویستە لەگەل ئاستی ئەو منداڵانەدا بگونجێت کەوا بۆیان دەنووسرێت، ئاستی گەشەی ئەدەبی و تا چەند لە ڕووی هوونەرییەوە پێگەیشتوون.

٣ -ڕەچاوکردنی رەهەندە هوونەرییەکان و تەکنیکەکانی پەیوەست بە جۆری نێوەندگیر (ألوسيط) :رەنگە ئەم نێوەندگیرە پەرتووک، شانۆنامە یان هەر شێوازێکی جیاوازی تری راگەیاندن بێت، لەسەر نووسەر پێویستە ئەم بابەتانە لەبەرچاو بگرێت، ئاگای تەواوی هەبێت لەسەر ئەو گرنگییە هوونەرییە تایبەتییانە کەوا هەر نێوەندێک لە ئەویتر جیا دەکەنەوە. (نجيب،٣١،١٩٩١-٣٣ )

هادی نوعمان ئەلهیتی گرنگترین مەرجەکانی نووسینی کاری شانۆیی بۆ مندالان،لەم خالانەی خوارەوەدا دەخاتە ڕوو:

١ -شانۆگەرییەکان لە رووی رووخسار و ناوەرۆکەوە دەبێت لەگەل گەشەی ژیری و زمانی و دەروونی و کۆمەلایەتی مندال، لە هەر قۆناغێکی تەمەندا بگونجێن.

٢ -رووداوی سەرەکی لە شانۆگەرییدا دەبێت روون و دیارییکراو بێت، رووداوە لاوەکییەکانیش پێویستە تەواوکەری رووداوی سەرەکی بن و جیاکرابنەوە .

٣ -شانۆگەری مندالان نابێت لە دارشتنیدا لە جیهانی مندالان و وێناکردنەکانیاندا دوور بێت.

٤ -دەستنیشانکردنی کەسانی بە توانا لەسەر ئاستی دەرهێنەر، جێبەجێکار، دیزایینەر، گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکان، ئەکتەرەکان، هەلبژاردنیان بە جۆرێک کە لەگەل رەگەزەکانی شانۆدا بگونجێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥ -زێدەڕۆیی نەکریت لە نیشاندانی رووخساری دەرەوەی خراپەکاران، یاخود باشتر وایە بڵێین پەیوەست نەکردنی خراپەکاری بە رووخساری دەرەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی مندال وانەزانێت خراپە پەیوەندی بە رووخسارو شێوە هەیە. چونکە لەوانەیە لە دەرەوەی شانۆدا لە ژیانی رۆژانەیدا کەسە ناشرینەکان بە خراپ لە قەلەم بدات.

٦ -هاوسەنگی لە نێوان قۆناغەکان و بەشەکانی شانۆدا هەبێت.

٧ -دوورکەوتنەوە لە ئامۆژگاری و شێوازی وتاردان کەوا مندالان بێزار دەکەن.

٨ -پێویستە رەچاوی توانای مندال بۆ تەرکیز و تێرامان بکریت.

٩ -قۆستنەوەو سوودوەرگرتن لە حەز و ئارەزووی مندال بۆ سروشت و ژیان تاوەکو وایان لێبکەین حەز بە زانست و مرۆڤایەتی بکەن.

١٠- پێویستە تەکنیککاران لێزان بن لە ڕاکێشانی سەرنجی مندال و سەرسامکردنیان، ئەویش لە رێگای وێنەو نیگار و هەر ئامرازێکی تر. هەروەها دیکۆری شانۆ دەبێت بە جۆرێک ئارامبەخش بێت و پێکهاتەی سادەو رەنگەکان بریقەدار و هاوسەنگ بن. (ألهيتي،١٩٧٧، ٣٢٠-٣٢٢ )

## دووەم: بەها پەروەردەییەکان:

لە رووی زمانەوانی :

لە زمانی کوردیدا وشەی (بەها) لە فەرهەنگ و سەرچاوەو لێکۆڵینەوەکاندا بەرامبەر وشەی (القيمة)ی عەرەبی و(value)ی ئینگلیزی و(Valeur)ی فەرەنسی بەکارهاتووە .کەواتە "وشەی بەها هاوواتای وشەی ئینگلیزی(value) بە واتای پلە،بایەخ،ڕێزگرتن،گرینگیپێدان،و(Valeur)ی فەرەنسی بە واتای نرخ،ڕێژە و دراو هاتووە."(وسووقی وئەوانی تر،2013، ل211) هەروەها لە فەرهەنگی (صادق) کە پشتی بەستووە بە چەندین فەرهەنگی دیکەی عەرەبی- کوردی، لەبەرامبەر وشەی (القيمة) دەشتەواژەی (بەها)ی داناوە. ( رواندزي، 2019، ل564).هەروەها لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشەشدا بۆ مانای وشەی (بەها) وشەکانی (ثمن،قيمة،سعر) دانراوە.(نظام الدين1977، ل80).هەروەها سابیر بۆکانی لە ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکاندا دەڵێت : "بەها- القيمة values –،بە هەموو ئەو شتانە دەگووترێت کە شایانی بایەخپێدانن و گرنگن لە ڕووەکانی ماددی،مەعنەوی، کۆمەڵایەتی، ئاکاری،ئایینی و جوانییەوە.(بۆکانی، 2020، ل60)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زمانی عەرەبیدا، (القيمة)، کە بەواتای (بەها) دێت کۆیەکەی (قیم)ە، لە رووی زمانەوانیشەوە لە فرمانی (قَوِّمَ) داتاشراوە، بۆ نموونە کە دەگوترێت (قام المتاع بكذا) بۆ کەلوپەل و شتی بەکەڵك، واتە بەهای کەلوپەلەکە بە ئەوەندە دەخەملێندرێت یان دادەنرێت. یانیش بەهای ئەو کەلوپەلە ئەوەندەیە. هەورەوها (القيمة) ئەو نرخ و بەهایەیە کە بۆ کەلوپەل دەستنیشان دەکرێت و دادەنرێت، یان (يقوم مقامه) بەها بۆ پایەکەی دادەنرێت، (وقومت المتاع) بە واتای (وایکرد کە بەهای بۆ دابنرێت) یان (بەهۆیەوە بەهای بۆ دانرا). (العاجز,العمري، 1999، ل4.)

هەرچی پەروەردەیە، لە وشەی (التربية)ی عەرەبی وەرگیراوە، کە لە سەرچاوەی (ربَّى) واتە خودان کردن و( سَهِرَ عَلَى تَرْبِيَةِ ابْنِهِ تَرْبِيَةً سَلِيمَةً . أَيْ تَهْذِيبُهُ وَتَعْلِيمُهُ وَتَنْشِئَتُهُ) واتە خودانی منداڵەوکەی کرد بەشێوەیەکی تەندروستی پەروەردەیی، گەورەی کرد و ئامۆژگاری کرد و فێری کرد و گەشەی پێکرد" (ابن منظور، 2000،ل 127)

لە رووی چەمك:

بەها پەروەردەییەکان" : (Values Education) هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مۆڕاڵی قوتابی یان منداڵ لە رێگەی:

1_سەربەخۆ بوونی تەواوی لە پرۆسەی پەروەردە و - لەم شێوازەدا قوتابیان بە رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەرپرسیارێتییان پێ دەدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستێکی مۆڕاڵی بەرز لای ئەوان.

2- کۆرسی تایبەت :- لەم شێوازەدا پرۆگرامی خوێندن یان فێرکردن، کەرەستەکان، وانەو شێوازەکانی خوێندنەوەو داتاشۆ و ڤیدیۆ هەمان مەبەست دەپێکن.(Corsini, 1999,P144) ".

لە ڕووی زانستی دەروونییشەوە، "بەها ئەو چەمکانەیە کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری خەڵکی بەجێدەهێڵن و ڕاست و پەسەند دیاری دەکەن" .(بۆکانی2020، ل60)

- لە کۆمەڵناسییدا،" بەهای کۆمەڵایەتی بریتییە لە شتێك کە جێگەی رێز و قبووڵکردنی هەمووانە. بەهای کۆمەڵایەتی ئەو بابەت و کاروبارانە لەخۆ دەگرێ کە باش و دڵخوازن و جێگەی ویست و ئارەزووی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەن." (وسووقی وئەوانی تر، 2013، ل 211 )

لە رووی بەجێهێنان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەها پەروەردەییەکان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کاری پەروەردەیی، بگرە گرنگترین ئامانج و ئەرکەکانییەتی، ئەم بەهایانەش هەریەک لە دایباب، مامۆستا، دەزگا پەروەردەییەکانی ناو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، هەریەک لەوانە هەوڵ دەدەن ئاراستە پەروەردەییە پۆزەتیڤەکان ڕێکبخەن و پەروەردە نێگەتیڤەکان لاببەن، کەوا ئاستتەنگن لە ڕێگای گەشەپێدان و بزوتنەوەکەی و، سنووردارکردنی تواناکان.

**پەیوەندی نێوان بەها و پەروەردە:**

بەهاکان ڕۆڵ وگرنگییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر ژیانی تاک و بەخێوکەران و پەروەردیاران، کۆمەڵگاش بە سەرجەم دامودەزگاو ڕێکخستنەکانی،  هەوڵی بونیاتنانی کۆمەڵێک بەها دەدات، کە ئامانجەکانی ئاڕاستە دەکەن . کەواتە بەها رۆڵێکی دیاری لە پرۆسەی پەروەرەدەو فێرکردنەوە هەیە. بۆیە"بەبێ ڕەچاوکردنی بەهاکان پەروەردە سەرکەوتوو نابێت وناتوانێت لە ناخی نەوە تازە پێگەیشتوەکاندا بیانچێنێت وگەشەیان پێبکات،بۆیە لەسەر بیرمەندان پێویستە پێداچوونەوە بە بوار و لایەنەکانی پەروەردە بکەن، بەتایبەتیش بواری بەهاکان، چونکە بە نەمانی بەهاکان لە ناو پەروەردەدا کەوا کەسایەتی تاکی لەسەر بنیات دەنرێت،پەروەردە سەنگ و پێگەی خۆی لە دەست دەدات.بۆیە ئەگەرئامانج و ستراتیژییە پەروەردەییەکان،لە بەها دروستەکانەوە هەڵنەهێنجرێن ودانەتاشرێن، بەجۆرێک کە ڕەچاوی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بکات،ئەوا گرنگی و بەهاکەی لەدەست دەدات، بۆیە بەهاکان بناغەیەکی دروستن بۆ پەروەردەیەکی نایاب و جیاواز" (الأسطل،2007،ل19)

هەروەک ڕوون و ئاشکرایە (پەروەردە"(Education - پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری پەسەندکراو لە ڕەفتاردا، لە پێناو گەشەی تەواوەتی کەسێتی تاکدا،لە سەرجەم بوارەکانی، جەستەیی و عەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە" (بۆکانی،2020 ، 82 ) هەورها "پەروەردە لە مانا گشتگیرییەکەی پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت تێبگات و ڕێز لە بەهاکان بگرێت ." (القرني، 1425، ل 82)  پەروەردەش بێگومان مەبەستمان  لێی ئەو پەروەردەیەیە کەوا نێوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن لە  خێزان  و قوتابخانە و مزگەوت و نێوەندەکانی ڕاگەیاندن و دامودەزگا پەروەردەییەکانی ترەوە فەراهەمی دەکەن . "بەهاکان ئاڕاستەی سەرەکین لە پرۆسەی پەروەردەدا، چونکە ئەوان نەخشە ڕیگا دەکێشن و لەوانیشەوە ئامانج و مەبەستە پەروەردەییەکان سەرهەڵدەدەن،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە زانایانی پەروەردە گرنگییان بە لێکۆڵینەوەی بەها داوە، تاوەکو ببێتە ڕێچکەیەکی زانستی فێرکاری دروست ." (الأسطل،2007،ل19 )

هەروها بەها رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی تاك و کۆمەڵگە و بەخێوکەران بەهەموو رێکخستنەکانیەوە دەگێڕێت،بەو پێیەی پەروەردەش هەوڵدەدات مرۆڤێکی چاکەخوازبنیات بنێت،کەوا سوود بە خۆیی و کۆمەڵگاکای بگەیێنێت،بۆیە لەسەر بنەمای گرتنە خۆی کۆمەڵە بەهایەك ئامانجەکانی ئاراستە دەکات و نەخشەی بۆ دادەنرێت.

کەواتە بەها پەروەردەییەکان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی کاری پەروەردەیی، بگرە گرنگترین ئامانج و ئەرکەکانییەتی، ئەم بەهایانەش هەریەک لە دایباب، مامۆستا، دەزگا پەروەردەییەکانی ناو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، هەریەک لەوانە هەوڵ دەدەن ئاراستە پەروەردەییە پۆزەتیڤەکان ڕێکبخەن و پەروەردە نێگەتیڤەکان لابەن، کەوا ئاستتەنگن لە ڕێگای گەشەپێدان و بزوتنەوەکەی و، سنووردارکردنی تواناکان، چونکە ئەوانەی لە بواری پەروەردە کار دەکەن هەوڵ دەدەن منداڵێک دروست بکەن، بەتوانا و بەشدار و کاریگەربێت لە بزوتنەوەی گەشەپێدان لەناو کۆمەڵگادا. (کنعان،1995،ل 131)

بەپشت بەستن بەوەی خرایە روو، دەکرێت بڵێین پەیوەندی نێوان بەهاو پەروەردە پەیوەندیەکی دولایەنەیە، پەیوەندی کاریگەری و کارلێکردنە، هەروەك چۆن پەروەردە دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەهای باوکان و میدیاکاران و میتۆد دارێژەران و مامۆستایان لە پەروەردەی رۆڵەکان و چاندنی بەها لەنێویان، ئاواش کاریگەری دەخاتە سەر چاندنی بەهای نەوەکان و پێدان و بەخشینی سیفەتی باش بۆیان.
دەکرێت پەیوەندی نێوان بەها وپەروەردە لەو چەند خاڵانەی خوارەوە دا کورت بکرێنەوە:

1-پەروەردە لەنێو خۆیدا پرۆسەیەکی بەهادارە، چونکە ئامانجی پەروەردە گەشەپێدانی تاك و کۆمەڵە بۆ ئاستی باشتر لە ریگەی فێرکردن و رۆشنبیرکردن و بەدواداچوونی بەردەوام.

2- درووستکردنی بەهای پەروەردەیی بەتەنها بەرپرسیاریەتی دامودەزگای پەروەردەیی نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتییکی هاوبەشە لەنێوان سەرجەم نێوەندە پەروەردەییەکان بە سەرجەم شوێنە جیاوازەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- دروووستکردنی بەها پێویستی بە نەخشەرێگەیەکی قوڵ هەیە، کە تیایدا سەرجەم نێوەندە پەروەردەییەکان بەشدار بن. ئەمەش وادەکات تاکەکانی کۆمەڵگە بگۆڕێن بۆ تاکێك کە بەهای بەرز وپێشکەوتوو هەڵبگرن، بەشێوەیەك کە بەبێ ئەو بەها داڕێژراوە گۆڕانکارییەکانیان پێوە دیار بێت.

4- دروووستکردنی بەهای پەروەردەیی بەتەنها لە رێگەی بابەتێکی خوێندن لە قۆناغێکی خوێندن بۆ ئەزبەرکردن دروستنابێت، بەڵکو سەرجەم لایەنە کردارییەکانی پەروەردەیی لە کۆلێژ وزانکۆکان لێیبەرپرسن.

5-بۆ زیادکردنی توانای پەروەردەیی لە دەستکەوتنی بەها وپاڵپشتیکردنی، پێویستە چالاکی فێرکاری لە بوونی بەها و پەیوەستبوونی دانەبڕێت، کاتێك ئامانجە فێرکارییەکان دەستنیشاندەکرێن، هێلکاری و نەخشە بۆ پرۆگرامی پەروەردە وفێرکردن دادەنرێت، پێویستە ڕەچاوی دانانی ئەو بەهایانە بکرێت کە پێوەستە لە دەرونی منداڵاندا گەشەیان پێبکەین، کە دامو دەزگا پەروەردەییەکان هەوڵی جێبەجێکردنیان بۆ دەدەن. (القرني، 1425، ل 131)

## پۆلێنکردنی بەها پەروەردەییەکان و جۆرەکانی:

لەگەڵ ئەوەی بەهاکان سەرجەم بوارەکانی ژیان لەخۆدەگرن، بەڵام جۆرەکان وپۆلێنەکانیان زۆر و جیاوازن، لێکۆڵەرانی بواری بەهاکان لەسەر ئەوە کۆکن، کەوا پۆلێنکردنی بەهاکان کارێکی سەختە، چونکە هیچ پۆلێنکردنێکی سەرتاپا نییە بۆ بەهاکان کە هەموو ڕەهەند و بنەماکانی لەخۆگرتبێت، بۆیە دەبینین پۆلێنکردنەکان بە پێی بیر و بۆچوون و فەلسەفەی خاوەنەکانیان جۆراوجۆرن، چەندین پۆلێنی جیاوازیان بۆ ئەنجامدراوە بە پێی ئەو ڕەهەندەی کە لەسەری پۆلێنکراون، وەک بۆ نموونە هەندێک لە لێکۆڵەران بە پێی ڕەهەندی (ناوەڕۆک) یان (ئامانج و مەبەست) یان (توندی) یان بە پێی ڕەهەندەکانی (ڕوونی) یان (گشتگیری) ..هتد بەهاکانیان پۆلێنکردووە. (علی، 2006،28-26ل)

ئەحمەد عەلی کەنعان لە کتێبەکەی (ادب الاطفال و القیم التربويه) لە میانەی خستنەڕوو و خوێندنەوەی پۆلێنەکانی چەندین شارەزا و لێکۆڵەری بەتوانا کە لە بواری بەهاکاندا کاریانکردووە نموونەی (سپرێنجەر، مۆریس، ڕیشەر، وایت، ئەلهیتی، دکتۆرە سەلوە عەبدولباقی)، بە مەبەستی گەیشتنی بە پۆلێنێکی نوێ و تازە بۆ بەهاکان بە جۆرێک کە لە واقیعی کۆمەڵگەکەی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئامانجە پەروەردەییەکانیدا سەرچاوەی گرتبێت، پۆلێنێکی نوێی دۆزییەوە کەوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێوەربێت بۆ بەها پەروەردەییەکان بە شێوەیەک، کەوا لێکۆڵەر بتوانێ ناوەڕۆکی شیعری منداڵانی پێ شیبکاتەوە. پاش ئەوەی پێوەرەکەی خستەڕوو بۆ کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەری کۆمەڵناس و دەروونناس لە چەندین وڵاتی عەرەبی، هەمووارکردنی پێویستی بۆ ئەنجامدرا، ئینجا زیاتر لە جارێک لەسەر چەند نموونەیەک لە شیعری منداڵان پراکتیزەی بۆ کرد، لە کۆتاییدا توانی بگات بە پۆلێنێکی تازە کە بە (پێوەری بەها پەروەردەییەکان) ناوزەد کرا، ناوەڕۆکەکەی لە (١٠) کۆمەڵە بەها پێکهاتبوو، بە هەموویان (٧٠) بەهای لاوەکییان لەخۆ دەگرت، دەرگاشی واڵا کرد بۆ زیادکردنی هەر بەهایەکی تر بۆ سەر هەر کۆمەڵێک لەو کۆمەڵە بەهایانەی تر کە لە خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکانی (ئەحمەد عەلی کەنعان)

١ _کۆمەڵە بەهای نەتەوەیی/ نیشتیمانی کە شەش بەها لەخۆ دەگرێت.

٢ _کۆمەڵە بەهای مەعریفی و ڕۆشنبیری کە شەش بەها لەخۆ دەگرێت.

٣ _کۆمەڵە بەهای کردارەکی و ئابووری کە هەشت بەها لەخۆ دەگرێت.

٤ _کۆمەڵە بەهای کۆمەڵایەتی کە حەوت بەها لەخۆ دەگرێت.

٥ _کۆمەڵە بەهای مرۆڤایەتی کە حەوت بەها لەخۆ دەگرێت.

٦ _کۆمەڵە بەهای ڕوحیەت و ئاکاری کە حەوت بەها لەخۆ دەگرێت.

٧ _کۆمەڵە بەهای خۆشباری و جوانی کە حەوت بەها لەخۆ دەگرێت.

٨ _کۆمەڵە بەهای تەندروستی و خۆپارێزی کە شەش بەها لەخۆ دەگرێت.

٩ _کۆمەڵە بەهای وەرزشی کە پێنج بەها لەخۆ دەگرێت.

١٠ _کۆمەڵە بەهای کامڵبوونی کەسایەتی کە یانزە بەها لەخۆ دەگرێت. (کنعان ، 1995،140-137 )

لەبەرئەوەی بەهاکان لەگەڵ گۆران و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا نوێ دەبنەوەو گۆڕانکارییان بەسەردادێت، ،بۆیە ناوبراودەرگای واڵاکردوەبۆخستنەسەری هەر بەهایەکی تر بۆ سەر هەر یەکە لەو١٠کۆمەڵە بەهایانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا ،ئەمەش توانای نەرمی(مرونە)و بەردەوامی و جێگیری بە پۆلێنەکە دەبەخشێت (کنعان،1995 ، 228) وهۆکارێکە بۆ توێژەر لە بەکارهێنانی ئەم پۆلێنە لە توێژینەوەکەیدا ، بەو پێیەی کەوا لەگەڵ ناوەرۆکی توێژینەوەکەدا دەگونجێت ، بۆیە لە دەرهێنان و دەستنیشانکردنی بەهاکانی نێوتێکستەکەدا سودی لێ وەرگیراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی پۆلێنکردنی بەها پەروەردەییەکان و جۆرەکانییان

| ز | کۆمەڵەی بەهاکان | بەهای پەروەردەیی |
|---|---|---|
| 1 | نەتەوەیی ونیشتیمانی | 1- نیشتیمان (خۆشەویستی و ئازادی نیشتیمان و بەرگریکردن لێی)<br>2- نەتەوە (شانازیکردن و ئینتیما بۆ یەکیەتییەکەی)<br>3- قوربانیدان (شەهیدبوون)<br>4- کۆشش (دژی دوژمنەکانی):<br>أ- لە ناوەوە (دەرەبەگایەتی، بۆرجوازی،پاشەگەردانی)<br>ب- لە دەرەوە (ئیستیعماری)<br>5- دەستگرتن بە کەلەپور و دابورنەریت (زمان، مێژوو" سەروەرییەکان)<br>6- گەشبینی بە دوارۆژی نیشتیمانی رۆژهەڵاتی<br>7- بەهای دیکە |
| 2 | مەعریفی ورۆشنبیریی | 1- زانست (گرنگی، خۆشەویستی، پێویستی)<br>2- رۆشنبیری (پێویستی و گرنگی پێداگیری)<br>3- شارستانی (ئاراستەکردنی شارستانیانە)<br>4- گەشەپێدانی زیرەگی و تواناکانی عەقڵی لە (تێبینیکردن و بیرکردنەوەو رووبەرووبوونەوەو بیرهێنانەوە)<br>5- ئەفراندن و داهێنان (هاندانی بیرکردنەوەی هزری و توێژینەوەی زانستی)<br>6- خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە<br>7- بەهای دیکە |
| 3 | کردارەکی وئابوری | 1- کارکردن (گرنگی، خۆشەویستی، پێویستی)<br>2- کرێکار (رێزگرتن و دەربڕینی خۆشەویستی و پایە بەرزیان)<br>3- گەشەپێدانی بەهرەکانی کاری دەستی<br>4- پاڵپشتیکردن لە بەرهەمی نیشتیمانی و پێشقەبردن و پارێزگاری کردن لێی<br>5- ئاراستەکردنی لەکاربردن (استهلاك)<br>6- خەرجکردن و پارە دەرهاتکردن<br>7- پاراستنی موڵکی گشتی (ئیشتراکی) و پارێزگاریکردن لێی<br>8- جدیەت و بەردەوامی و کارامەیی کار<br>9- بەهای دیکە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 4 | کۆمەڵایەتی | 1- خۆشەویستی خەڵکانی دیکەو رێگرتن و یارمەتیدانیان.<br>2- خۆشەویستی خزم و کەس و رێگرتن لێیان<br>3- هاریکاریکردن و گەشەسەندنی رۆحی کۆمەڵی<br>4- دڵسۆزی و بەخشندەیی<br>5- بەرژەوەندی کۆمەڵی (پێشخستنی بەرژەوەندی گشتی لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی)<br>6- خۆشەویستی کۆمەڵخوازی (خۆلادان لە هەریەکێك لە خۆپەرستی وخۆخۆشەویستی ودەسەڵاتگەری و چاوبرینی شتی خەڵك و خراپ بەکارهێنانیان)<br>7- هاوڕێیەتی<br>8- بەهای دیکە |
| 5 | مرۆڤایەتی | 1- ئازادی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی (ئازادی تاك)<br>2- دژایەتی کردنی زۆرداری (کۆیلایەتی و خراپ بەکارهێنانیان)<br>3- یەکیەتی ناوچە و هەرێمە لەتکراوەکان<br>4- پەسەندکردن و سەرخستنی دادەوەری و یەکسانی<br>5- ڕەتکردنەوەی رەگەزپەرستی و دەمارگیری<br>6- بانگەشەکردن بۆ ئاشتی<br>7- بەرزنرخاندنی لاوازەکان و خاوەن پێداویستی تایبەت<br>8- بەهای دیکە |
| 6 | رۆحیەت وئاکاری | 1- دەستگرتن بە رەوشت و ئاکاری میهرەبان<br>2- پابەندبوون بە راستی و ئەمانەت و وەفا و دڵسۆزی<br>3- خاکی بوون و رووخۆشی و نەرمی و ئاکارباشی<br>4- لێبوردەیی و دڵنەرمبوون و بەخشندەیی و دۆستایەتی<br>5- ئاکار و رەفتاری باشی ئاخافتن و رۆیشتن و مامەڵەکردن<br>6- رێزگرتن لە گەورەکان و مامۆستایان و یاسا ناسان و سیستم و بیروباوەرو پیرۆزییەکان<br>7- رێزگرتن لە ئاین (باوەڕی مرۆڤ بە خوداکەی، باوەڕداری و پەیڕەوکردن و پەیوەستبوون بە نموونەی باڵا)<br>8- بەهای دیکە |
| 7 | خۆشباری وجوانی | 1- یاری و شادی<br>2- چێژوەرگرتن بە ئەزموونی نوێ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| | | 3- هەستکردن بە جوانی (سروشتی و هونەری) و لەزەت و چێژوەرگرتن لێی<br>4- مومارەسەکردنی حەز و خولیاکان (وێژەیی و هونەری)<br>5- گوزارشتی خودگەرایی داهێنەر (هۆنراوە و نیگارکێشان)<br>6- خۆشەویستی بۆ سەرکێشی و گەشت<br>7- خۆشەویستی بۆ سروشت<br>8- بەهای دیکە |
| 8 | تەندروستی وخۆپارێزی | 1- خواردن (گرنگی، خۆشەویستی، پێویستی)<br>2- پاکوخاوێنی<br>3- خۆپارێزی<br>4- چارەسەر و بیمارکردن (ڕێنوێیی پزیشکی)<br>5- پاراستنی جەستە (خواردنی تەندروست و پارێزگاری کردن لێی و دووورکەوتنەوە لە جگەرە کێشان و خواردنەوەی کهولی)<br>6- ژینگەپارێزی (پاکراگرتن و گەشانەوەی)<br>7- بەهای دیکە |
| 9 | وەرزشی | 1- پارێزگاری کردن لە لەشولاری رێك<br>2- هێز و چالاکی<br>3- خۆشەویستی بۆ وەرزش و مومارەسەکردنی<br>4- دروستکردنی رۆحی وەرزشی<br>5- راو<br>6- بەهای دیکە |
| 10 | کامڵ بوونی کەسایەتی | 1- باش خۆگونجاندن<br>2- ئاسودەیی و شادومانی<br>3- هیوا و گەشبینی بە دوارۆژی رۆژهەڵات<br>4- ئاوات و وەدەستهێنان و سەرکەوتن<br>5- نەخشەدانان و راسپێری و ئیرادە (ئازایەتی و پێشکەوتن)<br>6- رژدی و ئاگایی<br>7- سیما و رووی دەرەکی (بەرێز و مەندی)<br>8- سەرکرادایەتی کردن و رابەریکردنی دیموکراسی<br>9- متمانە بەخۆبوون و ڕێزگرتن لوە خود |

| | | |
|---|---|---|
| 10- بوێری کەسایەتی<br>11- گەشەپێدانی نەریتە باشەکان (وەك پارێگاریکردن لە یارییەکان و جلوبەرگ، هەروها زوو لە خەو هەڵسان / پەروەردەیی سەربەخۆیی)<br>12 - بەهای دیکە | | |

## 3. بەشی سێیەم: (لایەنە پراکتیکییەکان)

## شیکردنەوە و گفتوگۆکردنی نموونەی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی :

لەم بەشەدا هەوڵدراوە ئەو تێکستە شانۆییەی، کە وەک نموونە و سامپڵ بۆ توێژینەوەکە وەرگیراوە، لە پاش خوێندنەوەی وردی لێکۆڵەر، لە دوو لایەنەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، شیکردنەوەی یەکەم ئەدەبییە ، بە پێی پێوەرەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە ژێر ڕۆشنایی بنەما سەرەکییەکانی شیکردنەوەوی دەقی شانۆی منداڵان بە پشت بەستن بە ڕەگەزی (بیرۆکە،کەسایەتی،، چنین و گرێ، دیالۆگ ) ،تێکستەکە شیکەراوەتەوە، بە ڕەچاو کردنی ئەو قۆناغەی تەمەن کە تێکستەکەی ئاراستە کراوە، شیکردنەوەی دووەمیشیان پەروەردەییە بۆ دەرهێنان و دەستنیشانکردنی گرنگترین بەها پەروەردەییەکان ، کە لە شانۆگەرییەکەدا لەژێر تیشکی چەمک و ڕستەو دەستەواژەی جۆراوجۆر ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە پێوەرەکەی ئەحمەد عەلی کەنعان کە بۆپۆلێنی بەها پەروەردەییەکان ئامادەکراوە.

ناونیشانی شانۆگەری

ناوی شانۆگەری: ڕێوی گۆرانی دەڵێت،کتێبێکە لە دوو دەقی شانۆگەری منداڵان پێک دێت،کە لەلایەن نوسەری شانۆی منداڵان (بورهان قەرەداغی)ەوە ئامادەکراوە. ،بەڕێوەبەرایەتی خانەی سمۆرە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی وهونەرو وەرزش و لاوانی سلێمانی –وەزارەتی ڕۆشنبیرو لاوان ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی پێ بەخشیووە.نوسەر لە ئامادەکردنی ئەم تێکستەدا هەر وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات، سوودی لە چیرۆکێکی (حەمە فەریق حەسەن) وەرگرتووە ، کە چیرۆکەکە لە ڕۆژنامەی(هەولێر)ی ژمارە (٨٩٢)ی ساڵی (٢٠١٠) لەژێر هەمان ناونیشان لە لاپەڕەی منداڵاندا بڵاوکراوەتەوە. (قەرەداغی،2013، ل26)

بابەت و بیرۆکەی شانۆگەرییەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتی شانۆگەرییەکە باس لە بزربوونی مریشکێکی سپی دەکات لە خاوەنەکەی (پورە ڕەزێ)، بە هۆی دوور کەوتنە وەی لە ئاوایی وکرِکەوتنی لەوێدا ، بێ ئاگاداری و زانینی خاوەنەکەی وهاوڕێکەی (تانجیە سوور) . لە هەمان کاتدا هەولی ڕێوییێک بۆ قۆزینەوەی ئەم هەلەو فڕاندن و ڕاونانی مریشکە سپی و سێ جووجەڵەکەی ، دواتر شێوازی ڕزگار کردنی مریشکە سپی و جووجەڵەکان لەلایەن (تانجیە سوور) و ڕەفتار وهەڵوێستیان بەرامبەر بە ڕێوی.

نوسەر لە ڕیگەی ڕەگەزە پێکهینەرەکانی نێو شانۆگەرییەکە ، ئامانج و بیرۆکەکانی خۆی لەژێر ڕۆشنایی کۆمەڵێک بەهای پەروەردەیی ئاڕاستەی منداڵ دەکات ، ئەمەش لە میانەی گێرانەوەی چیرۆک لە سەر زمانی (پو رە ڕەزێ ) وەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی نێو شانۆگەرییەکە ، بۆ کۆمەڵێک منداڵ، کە لە چواردەورییەوە دانیشتوون ، وەک بەسەرهاتێکی ژیانی خۆی هەروەک لە سەرەتای شانۆگەرییەکە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکرێت:

(پورە ڕەزێ لەبەردەم ڕەشماڵێکدا ولەسەر کۆتەرە دارێک دانیشتووەو چرایەک دادەگیرسێنێ وچیرۆک بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە. چەند منداڵێک لە چواردەوری دانیشتوون(

پورە ڕەزێ: ئازیزەکانم …ئەمشەو چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە بەسەر خۆم هاتووە …) (شانۆگەرییەکە ،٤)

بیرۆکەکانی نێو شانۆگەرییەکە بە گشتی هەڵگری کۆمەڵێک بەهای پەروردەیی جۆراوجۆرن، بەڵام زۆرترین ئەوبەهایانەی کە لە تێکستەدا خراونەتە روو بریتیین لە (خۆشەویستی ورێزگرتنی خەڵک ویارمەتیدانییان، هاریکاریکردن وگەشەسەندنی ڕۆحی کۆمەڵی، شادی وياری، ڕژدی وئاگایی، وەفاو دڵسۆزی، نواندنی ئاکارو ڕەفتاری باشی ئاخاوتن و ماماڵەکردن، هاوڕییەتی، گەشەپێدانی زیرەکی و تواناکانی عەقڵی، پێویستی و گرنگی خواردن.) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەیان پێ کراوەو ڕێژەکانییان خراوەتە ڕوو .

کارەکتەر

ئەگەر چی کەسایەتییەکانی نێو شانۆگەرییەکە پێکهاتوون لە تێکەڵاویەک لە کەسایەتی (ئاژەڵی) و ئادەمی (بشری) ،وەک (پووره ڕەزێ ، مریشکە سپی، جووجەڵە سوورەکە ،جووجەڵە بۆرەکە ،جووجەڵە زەردەکە ، تانجییە سورە، ڕێوی ، چەند منداڵ وگەورەیەک) بەڵام بە مەبەستی دروستکردنی خەیاڵ وزیاتر سەرنجراکێشانی منداڵان، نووسەر کەسایەتی (ئاژەڵی )زیاتر بەکارهێناوە ، بە جۆریک کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆی (حەوت کەسایەتی و چەند منداڵیک ) ، (شەش کەسایەتی) ئاژەڵین و ڕۆڵی سەرەکییان پێبەخشراوە. کەسایەتییە ئاژەڵییەکانی نێو شانۆگەرییەکە، ڕوون و ئاشکران و لە ژینگەی  منداڵاندا دیار و ناسراون.

نوسەر کەسایەتییەکانی بەشێوەیەکی  وا ڕوون وێنا کردووە ، کە بتوانن چێژ ببەخشن وکاریگەری لەسەر منداڵان دروست بکەن و، لە هەمان کاتدا  باوەڕیان پێ بهێنن  ، لە ڕێگەی خستنە ڕووی خاسیەتەکانیان ، گفتووگۆو هەڵوێستەکانیان،  شێوازی مەمەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتردا ، کەسایەتییەکان بە منداڵان دەناسێنێت و خەسلەتەکانیان دەخاتە ڕوو ، بەوەی کە ڕێوی بە تەڵەکە بازی وتانجی بە گوێڕایەڵی و خێرایی و دڵسۆزی لە کارکردن، مریشکیش وەک ئاژەڵێکی ماڵی سوود بەخش لە شانۆگەریەکەدا بە منداڵان ئاشنا دەکات ، کەسایەتییەکان  وەک ئامرازیک ڕۆڵ دەبیینن لە گەیاندنی بەها درووستەکان بە دەروونی منداڵ.

بەم شێوەیە  شانۆگەرییەکە دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە " زیادبوونی سەرمایەی زمان، ڕاهێنانیان بۆ گوێگرتن و شارەزابوون، بە جوانی گوزارشت کردن، کە لەگەڵ ئاستی زمان و واقع بگونجێ." (ئەحمەد، 2018، ل116)

ڕووداو و گرێچن

نووسەر سەرەتای ڕووداواکان  وەک  پێشەکییەک و  گەیاندنی چەند زانیارییێک  بە منداڵان ، بە گێڕانەوەی چیرۆکی شانۆگەرییەکە لەلایەن (پورە ڕەزێ ) دەست پێدەکات ،وەک بەسەرهاتێکی ژیانی کەوا مریشکێکی سپی هێلکەکەری دەبێت، کە زۆری خۆش ویستووە، بەڵام ماوەیەک لە پڕ لە هێلکە دەوەستیت و پاشان دیار نامێنێت، کاتێک (پوورە ڕەزێ) دەیەوێت لە گەرمییانەوە بۆ کوێستان گەشت بکات بە دوای مریشکە سپیدا دەگەڕێت بەڵام نایدۆزێتەوە. پێشبینی ئەوە دەکەن ،کە ڕێوی فڕاندبێتی ،شانۆگەریەکە لە میانەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە،باس لەو ڕووداو و بەسەرهاتانە  دەکات کە بەسەر مریشکە سپیدا دێن لە کاتی دابڕانی لە (پورەڕەزێ) و  دواتر چۆنیەتی  گەڕانەوەی بۆ لای ئەو. هەر لێرەدا نوسەر چەند  بەهایەکی  وەک (پێویستی و گرنگی  کارکردن ، خۆشویستنی خەڵک وریزگرتن و یارماتیدانیان ، پاڵپشتیکردن لە بەرهەمی خۆماڵی ) بە شێوازێکی نا ڕاستەو خۆ دەخاتە ڕوو .

(بیرم یەت کاتێک لە گەرمیان بووین پێش ئەوەی گەشت بکەین بۆ کوێستان ، مریشکێکم هەبوو زۆر جوان بوو ناوی مریشکە سپی بوو ، ئەم مریشکەم زۆر خۆشدەویست ....تاد) (شانۆگەرییەکە ،٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر لە پیناو دروستکردنی کاریگەری بۆ شانۆگەرییەکە ، نووسەر چەند جووڵەو دەنگە دەنگێک لەناو شانۆکەدا دروست دەکات بە مەبەستی خۆ کۆکردنەوە و گەشت کردن بەرەو کوێستان .لە هەمان کاتدا بەهای ( هاریکاریکردن و گەشەسەندنی ڕۆحی کۆمەڵی ، پاراستنی کەلەپوور و دابو نەریت ) تێکەڵ بە بابەتەکە دەکات ، هەروەک لە تێکستەکەدا هاتووە:

)هەموویان خەریکی کۆکردنەوەی بارگەو بنەن ،چەند کەسێکی تریش خەریکی خۆکۆکردنەوەو هاتووچۆن لەسەر شانۆ، هەموویان بە جلی کوردییەوەن . هات وهاوارییانەو پورە ڕەزێش بە دوای مریشکە سپیدا دەگەڕێت و تانجیە سوورە دەبینێ) (شانۆگەرییەکە ،٦(

نوسەر لێرەدا دوو کەسایەتی بە منداڵان دەناسێنێت ئەوانیش (پورە ڕەزێ) و (تانجیە سوورە) ن ،لەهەمان کاتدا ڕوداوێکی سەرنجڕاکێش دەخاتە پاڵ ئەو جووڵەو دەنگانە، ئەویش دیار نەمانی (مریشکە سپی ) و گەڕانی (پورە ڕەزێ) بەدواییدا.

)پورە ڕەزێ: تانجیە سوورە ،مریشکە سپیت نەدۆزییەوە ؟

تانجیە سوورە: ئەوە چەند ڕۆژە من هەر بۆی دەگەڕێم ، دیار نەماوە ، لەوانەیە ڕێوی فڕاندبێتی.

پورە ڕەزێ: بە داخەوە ئەو مریشکە چاکەم لە دەست چوو، ئاە...هەموو ڕۆیشتن بەرەو کوێستان ، هەر من و تۆ ماوینەتەوە دەی با بڕۆین..درەنگە..

تانجی: وەو... باشە با بڕۆین.

)دەڕۆن) ) (ڕێوی گۆرانی دەڵێت،٦(

ئاهو داخی (پورە ڕەزێ) لە دیار نەمان و لە دەستدانی (مریشکە سپی)و گەڕانی (تانجیە سورە) بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە دوایدا، چاندنی بەهای (وەفاو دڵسۆزی)یە لە دەروونی منداڵاندا.

جموجۆل و دەنگە دەنگی خۆکۆکردنەوە بۆ ڕۆیشتن لە لایەک و دیار نەمانی مریشکە سپی لە لایەکی تر هۆکارێکن بۆ ڕاکێشانی منداڵ بۆ (سەیرکردن یان گوێڕاگرتن )ی شانۆگەرییەکە ، لە هەمان کاتدا پێشبینی (فڕاندنی مریشکە سپی) لەلای ڕێوی و ڕۆیشتنی ( پورە ڕەزێ )و( تانجیە سوورە)ش بۆ کوێستان و جێهێشتنی ئەو شوێنە ، وا لە منداڵان دەکات کە لەگەڵ شانۆگەرییەکە بەردەوام بن بۆ زانینی چارەنووسی (مریشکە سپی.(

بە مەبەستی جیبەجێکردنی ئامانجی شانۆگەرییەکە نوسەر وردە وردە لە میانەی دانانی کەسایەتی تا زە و خولقاندنی دیالۆگ و گفتووگۆ لە نێو شانۆگەریە کەدا ڕوداوی زیاتر دروست دەکات.

))مریشکە سپی و سێ جووجەڵ دێنە سەر شانۆ و بە ترس و خەمبارییەوە گفتو گۆ دەکەن(
مریشکە سپی : ئەوە بۆ هەفتەیەک دەچێ پوورە ڕەزێ جێێ هێشتووین ..ئاخ...چۆن ڕۆیشتن و پێمان نەزانین ، ئەگەر ئەو لێرە بوایە ئاوامان بەسەر نەدەهات ..دوێنێ هەر چۆنێک بوو خۆمان لەو ڕێویە دەرباز کرد..ئێستاش با هەوڵبدەین بڕۆین و خێرا لەم ناوە دوور بکەوینەوە.
جووجەڵە سوورەکە : بۆ کوێ بڕۆین؟
مریشکە سپییەکە :بەرەو ئاوەدانی بڕۆین.
جووجەڵە زەردەکە :جا ئاوەدانی لە کوێیە ؟...(ِشانۆگەرییەکە، ٨(
لێرەدا چەند ڕوداوێک بە گوێگرو بینەر ئاشنا دەبێت ، کە پێشتر ڕویانداوە وەک (هەڵهێنانی سێ جووجەڵە لە لایەن مریشکە سپی ، ڕۆیشتنی پورە ڕەزێ وجێهێشتنی مریشکە سپی بۆ ماوەی هەفتەیەک ، پەلاماردانی مریشکە سپی و جووجەڵەکان لە لایەن ڕێوی،هەروەها ڕوداوی دەربازبوونیان لە دەست ڕێوی ) . لە پاڵ دووبارەکردنەوەی بەهاکانی پێشوو نووسەر چەند بەهایەکی تری تازەی وەک (خۆپارێزی ، ڕژدی و ئاگایی ، خۆشەویستی کۆمەڵخوازی) دەخاتە ڕوو.
لە میانەی گفتووگۆی بەردەوامی نێوان مریشکە سپی و جووجەڵەکان لەسەرڕۆیشتنی (پورە رەزێ) و جێهێشتنیان ،دیارنەبوونی چارەنوسیان لەو شوێنەدا ، چۆنیەتی خۆپاراستنیان لە ڕێوی و گەڕانەوەیان بۆ ئاوەدانی و ڕزگاربونیان لێی ، نوسەرهەول دەدات چەند بەهایەکی تر لە دەروونی منداڵاندا بچێنیت لەوانە بەهای( گەشە پێدانی زیرەکی و تواناکانی عەقڵی - تێبینیکردن و بیرکردنەوە) کە لە میانەی گفتوو گۆکەدا نوسەر ئەم بەهایە چەند بارە دەکاتەوە.
کاتێک جووجەڵە سوورەکە بە دایکی دەڵی :ئەی پورە ڕەزێ بۆ جێیهێشتیت و لەگەڵ خۆی نەیبردیت ؟ ها؟)
مریشکە سپی : هەڵەی خۆم بوو . بێ ئاگاداری ئەوان دوور لە ئاوایی کڕ کەوتم.
جوجەڵە زەردەکە :ئەی کە ڕۆیشتن بۆت نەگەڕان ...بانگیان نەکردی ؟
مریشکە سپی : من دڵنیام بۆم گەڕاون و بانگیشیان کردووم.
جووجەڵە بۆرەکە : دایکە ئەی چۆن پێت نەزانی بوون ؟
مریشکە سپی : لەوانەیە لەو کاتەی کە لەسەر هێلکەکان کڕ کەوتووم خەوتبێتم،بۆیە ئاگام لێیان نەبووە...تاد(شانۆگەریەکە ،١٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها بەهای (نەخشە دانان وڕاسپێری و ئیرادە-ئازایەتی و پێشکەوتن) هەروەک لەم گفتوگۆیەدا دەردەکەوێت:

جووجەڵە زەردەکە: ئاخ بۆ تانجییە سوورەو پورە ڕەزێ ڕێویەکەیان ڕاوبنایە.

مریشکە سپی :هەر دێن و ڕزگارمان دەکەن ..مەترسە.

جووجەڵە بۆرەکە : ئەوەنە باسی تانجییە سوورەو پورە ڕەزێ مەکە ، ئێستا ئەوانمان لەگەڵدا نین.

پێویستە پشت بە خۆمان ببەستین ، وانییە دایکە ؟

مریشکە سپی: وایە ڕاستە ...دەبێت پشت بە خۆمان ببەستین .(شانۆگەرییەکە ،١٢)

بەم شێوەیە نوسەر بەردەوامی بە جمووجۆڵی ڕووداوەکان دەدات و هەوڵدەدات گرێ دروست بکات هەروەک" پێویستە لەسەر نووسەربەردەوامی بدات بە بزووتنەوەی ڕوداوو و جموجۆڵیان بپارێزێ." (أيكن ، ت :سعد ألدين،1988 ، ل117 )

جووجەڵە سوورەکە : وای...وای

(بە ڕاکردن دێت و ترسی پێوە دیارە)

ئەوە ڕێویەکەیە وا هات...ئای..ئای..دایە.. زۆر گەورەیە.

جوجەڵە زەردەکە :کوا؟..کوا؟..وەی من دەترسم ..چی بکەین.

مریشکە سپی : مەترسن کوا؟ لە کوێیە ؟

جووجەڵە بۆرەکە : لە کوێیە ؟ با ڕاکەین.

مریشکە سپی: کوا...نابینم ؟

جووجەڵە؟ : ئەها ...ئەو سورە...

جووجەڵە زەردەکە: سوور، وەی ...ئای

کاتێک (مریشکە سپی ) سەیردەکات و لێی دیاردەبێت ، پێدەکەنێت ، جووجەڵەکان هۆکاری پێکەنینەکە لە دایکیان دەپرسن ، لە وەڵامدا دەڵێت:

مریشکە سپی :ئۆخەی خۆ ئەوە تانجییە سوورەیە ... ئۆخەی جووجەڵەکانم ئەوە هات بە هانامانەوە (هەموویان دەیکەن بە هاوارو خۆشی و شادی و چەپڵە لێدان ) هۆ تانجییە سوورە هۆو. من مریشکە سپیم .(شانۆگەرییەکە ،١٢-١٤) لێرەشدا (بەهای هاریکاریکردن و گەشەسەندنی ڕۆحی کۆمەڵی و، بەهای شادی) لە تێکستەکەدا دەخرێنە ڕوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە شانۆگەری زۆر ووردبێت لەوەی دڵنیابێت گیانی گاڵتەئامێزی و ساتێرا (الفكاهة) لەناویدا هەبێت، تاکوو هەندێک لە گرژی و توندییەکەی کەم بکاتەوە، ئەگەر بابەتی ساتێراشی تێدا نەبوو پێویستە هەندێک لە کارەکتەرەکان ئەم کارە ئەنجام بدەن، نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە منداڵان ئارەزووی ئەمە دەکەن و لەگەڵیدا زیاتر چێژ و لەزەت وەردەگرن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئارامبەخش و هێمنکەرەوەیە. (وینفرید وارد، تر: الجوهری،1966 ، ل158-159)

بۆ رەوینەوەی بێزاری لای منداڵان وزیاتر وروژاندنیان، نووسەر دەقی هۆنراوەی سەرنجراکێشی منداڵان ، تێکەڵ بە ناوەڕۆکی تێکستەکە دەکات ، جگە لەوەی هەستی چێژی ئەدەبیان لەلادا دەچێنێت لە پاڵ ئەمانەشدا بەهاکانی(هاوڕێیەتی، گوزارشتی خودگەرایی، شادی) لەلای منداڵاندا دەچێنێت و گەشەیان پێدەکات ،هەروەک لە تێکستەکەدا هاتووە

ئۆخەی گەیشتە لامان

تانجییە سوورەی برامان

شادی و خۆشی بۆ هێناین

بیکەن بەشایی و بازدان ...(شانۆگەرییەکە ،١٦)

نوسەر بە ریزکردن و چنینی چەند رِوداوێکی یەک لە دوای یەک و گەشە پێکردنییان ، لەسەر بنەمای زنجیرەیی لۆژیکی ،هەولَدەدات ڕووداوەکان بگەیێنێتە خاڵی لوتکە و ترۆپک ، بۆ ئەوەی گرێیەکان بکاتەوە ، "نوسەری داهێنەرو بە تواناش ئەو کەسەیە کە بتوانێت هەموو ڕەگەزەکانی وروژاندن و سەرنجراکێشەر بەکاربهێنیت بۆ گەیشتن بەو خاڵە" (ألعليمات ،2015 ، ل31)

پاش دەربڕینی شادی ، مریشکە سپی باس لەخراپی بەسەربردنی ئەو ماوەیە دەکات بۆ هاوڕێکەی تانجی، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە ئەوان لێی دوور بوون (دەنگی میوزک بەرزدەبێتەو، مریشک بە ئاماژە قسەو باسی خۆی و جوجەڵەو ڕێوییەکە دەگێڕێتەوە، بەوەی کە ڕێوییەک فێربووە هەموو ڕۆژێک دێ و دەیەوێت یەکێک لە جووجەڵەکانی بەرێت.. بۆیە داوا دەکات کە تانجییە سوور یارمەتییان بدات ، تا ڕزگار بن لەم ڕێوییە ... بۆ ئەم مەبەستە تانجیە سووربیرۆکەیەکی بۆ دێت و پلانێک دادەنێن ، بەوەی کە تانجییە سوور بچێتە ناو چاڵێک و ، مریشکە سپی بە پووش دایبپۆشێت ..کاتێک کە ڕێوی دێت مریشکە سپی داوای لێبکات گۆرانی بلێت وئینجا بە دەوری چاڵەکەدا بسووڕێن ، پاشان تانجیە سوورە

پەلاماری بداو بیگرێت .بەمەش شانۆگەرییەکە بەهای (نەخشە دانان ڕاسپیری، متم دەستگرتن ڕەوشت و ئاکاری میهرەبان، بوێری و کەسایەتی) دەخاتە ڕوو.

پلانەکە دەست پێدەکەن و چاوەڕێی هاتنی ڕێوی دەکەن . (بەهای بوێری،متمانە بە خۆ بوون) ماوەیەک بێدەنگی

ڕێوی (لە دوورەوە گۆرانی دەڵێت): هاتمەوەو هاتمەوەو هاتمەوە

بە خواردنی جووجەڵەو مریشکەوە ...(شانۆگەرییەکە، ١٨)

لەمەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە نوسەر هەوڵیداوە ڕەگەزو ڕوداو و دەستەواژەی سەرنجراکێش و وروژێنەر بەکاربێنێت لە پیناو گەیاندنی بیرۆکەو ئامانجە پەروەردەییەکانی دا ، بۆ زیاتر توند کردن و بەرزکردنەوەی روداووەکانیش بەردەوامی دەدات بەم کارەی هەروەک لە خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(ماوەیەک بێدەنگی)

ڕێوی:زۆر باشە مریشکە سپییەکە ..ئەی بەلەزەتەکە..ئەی خڕو خەپانەکە

(بە گۆرانییەوە ): هاتمەوە هاتمەوە بۆ ڕاوی جووجەڵەو مریشکەوە

مریشکە سپی :بەخێر بێیتەوە..وەرە با پێکەوە یاری بکەین.

مریشکە سپی: ڕێوی گیان ،من داوایەکم هەیە

ڕێوی : داوا؟ گیانی ڕێوی..چاوی ڕێوی ..ژیانی ڕێوی ...فەرموو داواکەت بڵێ.

مریشکە سپی بیستوومە دەڵێن تۆ زۆر دەنگت خۆشە ، ماوەیەکە جووجەڵەکانم زۆر دل تەنگن ،دەتوانی گۆرانییەکمان بۆ بڵێیت تا ئەوانیش دڵخۆش بن؟

ڕێوی: گۆرانی وەی بەسەرچاو، بەسەرچاو ، هەر تۆو گۆرانی ئێستا گۆرانییەکی خۆشتان بۆ دەڵیم، بەر دەکاتەوە،ئا، رێوی گۆرانی دەڵێت:

هەچۆمە چۆمە کەس لە هەوار نەماوە

دنیا بە کەیفی خۆمە هەچۆمە چۆمە

نە سەگ دیارە نە تانجی گۆشتی جووجک هی خۆمە...(شانۆگەرییەکە، ٢٠

بەردەوام بوونی نوسەر لە بەکارهێنانی ڕەگەزی وروژێنەر:

(ها مریشکە سپی من گۆرانی خۆم وت ، دە فەرموو تۆش گۆرانییەک بڵێ.

مریشکە سپی : زۆر باشە ، منیش داواکەی تۆ ڕەت ناکەمەوە و گۆرانییەکت بۆ دەڵیم:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تانجیە سوورەی بەرماڵێ          ئەو خاوەنەت نەناڵی
رێویم بۆ بخەرە چاڵی
رێوی: ها ئەوە چی دەڵێیت؟ تکایە مریشک ، گۆرانی وا مەڵی.. من پێی بێزار دەبم.
مریشک:هۆ تانجی تانجی خۆشبەز    لە نێو پوشان دەرپەڕە
شاڵاو بهێنە بە لەز
دیسانەوە مریشکە سپی :
تانجی نێو گەرمە لانێ          پوشی سەرت وەلانێ
لە ناو چاڵاندا ڕابە          دۆست و هاوار کاری چا بە
دەرسی ڕێویم بۆ دابە
(تانجی لە چاڵەکە دێتە دەرەوەو ڕێوی دەگرێت)

بەو کردنەوەی هێواش هێواشی گرێیەکان و نزیکبوونەوە بەرەو کۆتایی ،تێکستەکە دەروونی منداڵان بە بەهای (شادی ، دژایەتی کردنی زۆرداری ) ئاو دەدات. ئەو چارەسەرەی کە گرێیەکە پێی دەگات پێویستە لە سنووری عەقڵ و تێگەیشتنی منداڵدا بێت، بەها ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان بپارێزێت. (قەرەداغی، 299-2011،300)

ئەگەر چی نوسەر بە دەربڕینی چەند وشەو دەستەواژەیەکی نەرێنی  وەک (ئەیخەینە چاڵەکەوە، با چاوەکانی بە دەنووک دەربهێنین ، با دارکاری بکەین ) ،شانۆگەرییەکە بەرەو بیری تۆڵە سەندنەوە دەبات،کە دەتوانین بیانخەینە خانەی (بەها نەرێنیەکان) ، بەڵام دواترکۆتایی شانۆگەرییەکە شێوازێکی جیاواز و چاوەڕواننەکراو وەردەگرێت،ئەویش بە  دەرهێنانی ڕێوی لە چاڵەکە وئازادکردنی .بەمەش بەهاکانی (، لێبوردەیی و دڵنەرمبوون و بەخشندەیی ،ئازادی مرۆڤ وپاراستنی کەرامەتی) دەخرێنە ڕوو.(شانۆگەرییەکە ،٢٢، ٢٤، ٢٦ )

دیالۆگ:

هەر وەک ئاشکرایە ، دیالۆگ  بە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی دراما دادەنریت و ، دەبێت نوسەر بایەخی پێ بدات ،" چونکە  ئەوگوتەو ڕستەو دەستەواژانە دەگرێتەوە کە لەسەر زمانی کەسایەتییەکاندا دەگوترێن وهەڵگری بیرۆکەکانن ." (ألعليمات،2015،ل 34).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیالۆگەکانی نێو شانۆگەری( ڕێوی گۆرانی دەڵێت ) ، هەروەک چەند نموونەیەکیان لە سەرەوەداخستوونەتە ڕوو،لە ڕێگەی گوتەو رستەو دەستەواژە پێکهێنەرەکانی ، ڕۆڵیان بینیووە ، لە بەرەوپێشبردنی لایەنی ژیری منداڵان و فەرهەنگی زمانەوانیان ، ئەمەش بە بەکارهێنانی زمانێکی سادەی نزیک لە زمانی منداڵ لە هەمان کاتدا بەهای پەروەردەیی جۆراوجۆرییان لەخۆگرتووە. (یەکێک لە خاسیەتەکانی شانۆی منداڵانیش بریتییە لەبەکارهێنانی زمانێکی پاراو و نزیک لە زمانی منداڵ. (العنانی، 2007، ل114-115)

بۆ نموونە لە ناوەڕاستی شانۆگەرییەکە ، کاتێک جووجەڵەکان پرسیاری ڕۆیشتنی پوورە ڕەزێ و بە جێمانی دایکیان دەکەن (شانۆگەرییەکە ، ١٠) ، نوسەر شێوازێکی گفتووگۆی سەرنجراکێش لە نێوان جووجەڵەکان و مریشکە سپی دایکییان لە شێوازی پرسیار و وەڵام بونیات دەنێت ،بە جۆرێک کە گفتووگۆکە وەک ئامرازێک ڕۆڵ دەبینێت لەبەرەوپێشبردنی تواناکانی ژیریی و زمانی لای منداڵانی ئەو تەمەنە ک لە پاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک بەهای پەروەردەیی لە دەروونی منداڵاندا دەچێنرێت هەروەک لە سەرەودا ئاماژەمان پێیان داوە.

نوسەر لە دارِشتنی دیالۆگەکاندا درێژدادڕی نەکردووەو برگەو دەستەواژەکانی درێژ نەکردۆتەوە ، بەمەش ڕەچاوی ئاستی تێگەیشتن و بەرگەگرتنی منداڵانی کردووە.

**ناوەڕۆکی شانۆگەریەکە بە پێی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ**

لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە ، دەتوانیین بڵێین ناوەڕۆکی شانۆگەری (ڕێوی گۆرانی دەڵێت )، بۆ قۆناغی ئەندێشەی ڕەها (نزیکەی ٦-٩)ساڵان، نووسراوە.

١ -کەسایەتییەکانی نێو شانۆگەرییەکە ، کە زۆرینەیان ئاژەڵین ،لە لای منداڵانی ئەو قۆناغە ئاشکراو ناسراون وپێیان ئاشنان.

٢ -وشەو دەستەواژە بەکارهاتووەکانی نێو شانۆگەرییەکە ، بەشێوازێکی وا دارێژراون ، کە لەگەڵ گەشەی ژیریی و زمانەوانی منداڵانی ئەم قۆناغەدا بگونجێن . .( منداڵانی نێوان ئەو تەمەنە بەتایبەتیش کاتێک دەگەنە نۆ ساڵان ، لایەنی ژیری و ڕەوانی زمانەوانییان بە شێوەیەکی وا گەشە دەکات، لە تواناییاندا هەیە خۆیان چیرۆک دابرێژن و هەر خۆشیان نواندن بکەن ، هەرچەندە دیالۆگەکان زیاتر واقیعی دەبن و ، تێگەیشتنیان خێراتر دەبێت،لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە لەم تەمەنەدا هان بدرێن بۆ ڕەهایی لە قسەکردن ،جا قسەی خۆیان بێت یان کەسانی تر.)(أبومعال، 2008،ل250)

٣ -لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەگەزی خەیاڵ ، لە شانۆگەرییەکەدا ، نووسەر کەمێک بەرەو واقیع هەنگاو دەنێت وهەولدەدات ڕوداوو و دیاردە کانی واقیع لە ڕێگەی خەیاڵ بەرجەستە بکات .

**بەها پەروەردەییەکانی شانۆگەرییەکە**

لە ڕووی پەروەردەییەوە ، شانۆگەرییەکە ناوەڕۆکێکی پەروەردەیی باش پێشکەش بە منداڵانی ئەو قۆناغە دەکات ، ئەویش بە خستنەڕووی چەند بەهایەکی پەروەردەیی جۆراوجۆر و چەند بارە کردنەوەیان لە ناو تێکستەکەدا ، کە بە پێی پۆلێنەکەی (کەنعان) بۆ چەند کۆمەڵە بەهایەک دابەشمان کردوون ، هەروەک لە خشتەی ژمارە (١) ئەو کۆمەڵانەمان خستوونەتەڕوو ، لەگەڵ ژمارەی چەندبارە و ڕێژەی سەدی هەریەکێک لەو کۆمەڵانە.

لە میانەی شیکردنەوەی تێکستەکەو دەرهێنانی بەهاکان، کە لە ڕستەکاندا ئاماژەیان پێکراوە ، بە دەستنیشانکردنی (چەندبارە)کانییان و ڕێژەی سەدییان ، دەرکەوتووە، کە کۆمەلە بەهای(کامڵ بوونی کەسێتی) لە نێو کۆمەڵە بەهاکانی تر بە زۆرترین ڕێژە بەکار هاتووە ،بە جۆرێک ڕێژەکەی دەگاتە (22.972%) ڕێژەی سەدی، لەناو ئەو کۆمەڵەیەشدا بەهای(ڕژدی و ئاگایی) لە نێو بەهاکانی سەر بە کۆمەڵەکەی ، زۆرترین جار بەکارهاتووە ، کە ڕێژەکەی دەگاتە (8.108%) ڕێژەی سەدی، لە دوای ئەویش، بەهای (نەخشەدانان و ڕاسپێری و ئیرادە ) کە بە ڕێژەی (4.054%) ڕێژەی سەدی و ، بەهای(ئاسوودەیی و شادوومانی) بەهەمان ڕێژە ، خراونەتەڕوو.

لە لایەکی تردا کۆمەڵە بەهای (نەتەوەیی و نیشتیمانی) ، بە کەمترین ڕێژە بەکار هاتووە ، کە ڕێژەکەی دەگاتە لە سەدا(1.351%) .لە نێو ئەو کۆمەڵەیەشدا تەنها یەک بەها ئاماژەی پێکراوە ، ئەویش بەهای (پاراستنی داب و نەریت و کلتوور) ە، ئەم بەهایەش تەنها یەک جارخراوەتەڕوو .

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە ، لە نێو هەموو بەهاکانیشدا بە گشتی، بەهای (شادی و یاری) کە سەر بە کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکانی ( خۆشباری و جوانی )یە ،زۆرترین جار بەکارهاتووەو، ڕێژەکەی دەگاتە (9.459%). ئەمەش خاڵێکی سەرکەوتووی نووسەر پیشان دەدات ،لە جێبەجێکردنی ئامانجێکی سەرەکی ئەدەبی منداڵاندا ،کە ئەویش ئامانجی بەخشینی چێژو خۆشگوزەرانییە بە مندال.

لە خشتەی ژمارە (١) و(٢)شێوازی پلەبەندی هاتنی بەهاکان و کۆمەڵەکانییان لە ناو تێکستەکەداو ، پلەی سەددیان بە پێی چەندبارەکانیان ، بە وردی خراوەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(١): چەندبارەو ڕێژەی سەدی کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکان لە شانۆگەرییەکە.

| کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکان لە نموونەی شانۆگەری (ڕێوی گۆرانی دەڵێت ) | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
| ١ | نەتەوەیی و نیشتیمانی | ١ | 1.351351351 |
| ٢ | مەعریفی و ڕۆشنبیری | ٧ | 9.459459459 |
| ٣ | کردارەکی (ئابوری) | ٢ | 2.702702703 |
| ٤ | کۆمەڵایەتی | ١٥ | 20.27027027 |
| ٥ | مرۆڤایەتی | ٤ | 5.405405405 |
| ٦ | ڕۆحی و ئاکاری | ١١ | 14.86486486 |
| ٧ | خۆشباری و جوانی | ١٠ | 13.51351351 |
| ٨ | تەندروستی و خۆپاریزی | ٧ | 9.459459459 |
| ٩ | وەرزش | (سفر)٠ | 0 |
| ١٠ | کامڵ بوونی کەسێتی | ١٧ | 22.97297297 |
| | کۆی بەهاکان | ٧٤ | 100 |

خشتەی ژمارە( ٢): ڕیزبەندی چەندبارەی بەهاکان و ڕێژەی سەددیان لە ناو شانۆگەرییەکە بە پێی چەندبارەکانییان

| ڕیزبەندی چەندبارەی بەهاکان و ڕێژەی سەدیان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بەها پەروەردەییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
| ١ | خۆشەویستی خەڵک و یارمەتیدان | ٥ | 6.756756757 | ٣ |
| ٢ | هاریکاری کردن و گەشەسەندنی ڕۆحی کۆمەڵ | ٥ | 6.756756757 | ٣ |
| ٣ | بەرژەوەندی کۆمەڵ | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| ٤ | خۆشەویستی کۆمەڵخوازی | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| ٥ | هاورێیەتی | ٣ | 4.054054054 | ٥ |
| ٦ | ڕژدی و ئاگایی | ٦ | 8.108108108 | ٢ |
| ٧ | نەخشەدانان و ڕاسپێری و ئیرادە | ٣ | 4.054054054 | ٥ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | ئازایەتی و پێشکەوتن | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| ٩ | بوێری و کەسایەتی | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ١٠ | متمانە بەخۆبوون | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ١١ | ئاسوودەیی و شادومانی | ٣ | 4.054054054 | ٥ |
| ١٢ | وەفا و دڵسۆزی | ٤ | 5.405405405 | ٤ |
| ١٣ | ئاکار و ڕەفتاری باشی ئاخافتن و مامەڵەکردن | ٤ | 5.405405405 | ٤ |
| ١٤ | پابەندبوون بە ڕەوشت و ئاکاری میهرەبان | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ١٥ | لێبوردەیی و دڵنەرمبوون و بەخشندەیی | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| ١٦ | شادی و یاری | ٧ | 9.459459459 | ١ |
| ١٧ | گوزارشتی خوودگەرایی (هۆنراوە و گۆرانی وتن) | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ١٨ | چێژ وەرگرتن بە ئەزموونی نوێ | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| ١٩ | گەشەپێدانی زیرەکی و تواناکانی عەقڵی | ٦ | 8.108108108 | ٢ |
| ٢٠ | هاندانی بیرکردنەوەی هزری | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| ٢١ | خۆپاریزی | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ٢٢ | پێویستی و گرنگی خواردن | ٥ | 6.756756757 | ٣ |
| ٢٣ | دژایەتی کردنی زۆرداری | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ٢٤ | ئازادی مرۆڤ و پاراستنی کەرامەتی | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ٢٥ | گرنگی و پێویستی کارکردن | ٢ | 2.702702703 | ٦ |
| ٢٦ | پاراستنی دابونەریت و کلتور | ١ | 1.351351351 | ٧ |
| | کۆی گشتی | ٧٤ | 100 | ١٣٤ |

## ئەنجامی توێژینەوە

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتین ،بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١- شانۆگەری(ڕێوی گۆرانی دەڵێت)، لە ئامادەکردنی (بورهان قەرەداغی) ، وەک هونەرێکی ئەدەبی منداڵان ،لە چوارچێوە هونەری و ئەدەبییەکەیەوە، توانیویەتی ئامانجە پەروەردەیی و هونەرییە مەبەستدارەکان بگەیێنێت

٢ -ئەگەر چی نوسەر ئەو قۆناغ و تەمەنەی دیاری نەکردووە ، کە شانۆگەرییەکەی بۆ نووسیوە ، بەڵام ڕادەی ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکان وشێوازی داڕشتنی تێکستەکە ئاماژەن بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنەکە،بۆیە لە میانەی شیکردنەوەی وردی شانۆگەرییەکە بە پێی تایبەتمەندییەکانی قۆناغی گەشەی منداڵ و بنەما سەرەکییەکانی بونیاتی درامی لە شانۆی منداڵاندا، گەیشتینە ئەوەی بڵێین ،ئەم شانۆگەرییە بۆ منداڵانی تەمەن نزیکەی(٥-٩) ساڵان گونجاوە، کە بە قۆناغی (ئەندێشەی ڕەها) ناودەبرێت.

٣ -شێوازی داڕشتنی ناوەڕۆک و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەدەبی شانۆگەرییەکە ، بە پێی مەرجەکانی نووسینی تێکست بۆ منداڵان یارمەتیدەرێکی باشن لە گەشەکردنی هەستی منداڵان بە بەهاکان .بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا- بابەتی شانۆگەرییەکە بەشێوەیەکی ڕوون و سەرنجڕاکێش خراوەتە ڕوو، تا ڕادایەکی باش توانیویەتی ئامانجی نوسەرو بیرۆکەکانی بگەیێنێت. بیرۆکەکانیش لەگەڵ پێداویستییەکانی قۆناغی گەشەی منداڵانی ئەو تەمەنەدا دەگونجێت ،کە شانۆگەرییەکەیان ئاڕاستە کراوە .

ب- کەسایەتییەکان بە ڕوونی وێناکراون و هی ئەوەن کە منداڵان باوەڕیان پێ بهێنن ، لە هەمان کاتدا وەک ئامرازێک ڕۆڵ دەبینن لە گواستنەوەی بەهاکان بۆ منداڵان .

ج- ڕوداوەکان لەو ژینگەیە وەرگیراون ، کە منداڵ تێیدا دەژیت و پێی ئاشنایە، لە پێناو گەیاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان ،بە شێوەیەکی زنجیرەیی و لۆژیکی یەک لە دوای یەک چنراون ، تا ڕادەیەکی باشیش لە خزمەتی بابەت و بیرۆکەکانی نێو شانۆگەرییەکەدان و لەسەر بنەمای بەرەو پێشبردنیان بونیاتنراون.

د- گفتووگۆ و دیالۆگەکان هاوتەریبن لەگەڵ ڕووداوەکان ، وشەو دەستەواژە پێکهێنەرەکانیان سادەو پوخت و کورتن ،لەگەڵ ئاستی منداڵانی قۆناغی (ئەندێشەی ڕەها ) دەگونجێن ، بەرەوپێشبردنی لایەنی ژیری منداڵان و فەرهەنگی زمانەوانیان ، لە هەمان کاتدا بەهای پەروەردەیی جۆراوجۆرییان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخۆگرتووە، بۆیە دەتوانن لە بەرەوپێشبردنی لایەنی ژیری منداڵان و فەرهەنگی زمانەوانیان ڕۆڵ ببینن.

٤ -لە ڕووی پەروەردەییەوە ، شانۆگەرییەکە لە ڕێگەی چەندین زاراوەو چەمک و دەستەواژەی پەروەردەیی ،ناوەڕۆکێکی پەروەردەیی باش پێشکەش بە منداڵانی ئەو قۆناغە دەکات ، ئەویش بە خستنەڕووی چەند بەهایەکی پەروەردەیی جۆراوجۆر و چەند بارە کردنەوەیان لە ناو تێکستەکەدا ،کە ژمارەیان دەگاتە (٧٤) بەهای چەندبارەکراو ،کە بە پێی پۆلێنەکەی (کەنعان) بۆ چەند کۆمەڵە بەهایەک دابەشمان کردوون ، هەروەک لە خشتەی ژمارە (١) ئەو کۆمەڵانەمان خستوونەتەڕوو ، لەگەڵ ژمارەی چەندبارە و ڕێژەی سەدی هەریەکێک لەو کۆمەڵانە.

لە میانەی شیکردنەوەی تێکستەکەو دەرهێنانی بەهاکان، کە لە ڕستەکاندا ئاماژەیان پێکراوە ، بە دەستنیشانکردنی (چەندبارە)کانییان و ڕێژەی سەدییان ، دەرکەوتووە، کە کۆمەلە بەهای(کامڵ بوونی کەسێتی) لە نێو کۆمەڵە بەهاکانی تر بە زۆرترین ڕێژە بەکار هاتووە ،بە جۆرێک ڕێژەکەی دەگاتە (22.972%) ، لەناو ئەو کۆمەڵەیەشدا بەهای(ڕژدی و ئاگایی) لە نێو بەهاکانی سەر بە کۆمەڵەکەی ، زۆرترین جار بەکارهاتووە ، کە ڕێژەکەی دەگاتە (8.108%) ، لە دوای ئەویش، بەهای (نەخشەدانان و ڕاسپێری و ئیرادە ) کە بە ڕێژەی (4.054%) و ، بەهای(ئاسوودەیی و شادوومانی) بەهەمان ڕێژە ، خراونەتەڕوو.

لە لایەکی تردا کۆمەڵە بەهای (نەتەوەیی و نیشتیمانی) ، بە کەمترین ڕێژە بەکار هاتووە ، کە ڕێژەکەی دەگاتە لە سەدا(1.351%) .لە نێو ئەو کۆمەڵەیەشدا تەنها یەک بەها ئاماژەی پێکراوە ، ئەویش بەهای (پاراستنی داب و نەریت و کلتوور) ە، ئەم بەهایەش تەنها یەک جارخراوەتەڕوو .

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە ، لە نێو هەموو بەهاکانیشدا بە گشتی، بەهای (شادی و یاری) کە سەر بە کۆمەڵەی بەها پەروەردەییەکانی ( خۆشباری و جوانی )یە ،زۆرتریین جار بەکارهاتووەو، ڕێژەکەی دەگاتە (9.459%). ئەمەش خاڵێکی سەرکەوتووی نووسەر پیشان دەدات ،لە جێبەجێکردنی ئامانجێکی سەرەکی ئەدەبی منداڵاندا ،کە ئەویش ئامانجی بەخشینی چێژو خۆشگوزەرانییە بە مندال.

## سەرچاوەکان:

### ١- کتێب

- بە زمانی کوردی:

-ئەحمەد، کەیفی (2018)، شانۆ و شانۆی منداڵان، کۆیە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای ڕووناکی.
-عەبدوڵڵا،خەلیل عەلی (2016)، بنەما هونەرییەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانەو خوێندنگاکان،چاپی یەکەم، ،شوێنی چاپ ؟ چاپخانە؟
-قەرەداغی، بورهان (2011)، شانۆی منداڵ – مێژوو، بیبلۆگرافیا، تیۆر، پراکتیک، سلێمانی :چاپخانەی کارۆ،
-قەرەداغی، بورهان (2013)،شانۆگەری منداڵان (ڕێوی گۆرانی دەڵێت) ، سلێمانی: چاپخانەی کوردستان.
-وسووقی،مەنسوور و عەلی ئەکبەر نیک خولق، و:سیروان محەمەد حاجی(2013)،بنەماکانی کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی موکریانی،

- بە زمانی عەرەبی :

-ابو المعال، عبدالفتاح (2008)،أدب ألاطفال وثقافة الطفل جمهورية مصر العربية، ألقاهرة: ألشركة ألعربية ألمتحدة للتسويق والتوريدات ،
-أيكن،جون، ت:سعدالدين،كاظم(1988)،كيف تكتب للاطفال،ألطبعة ألاولى،بغداد: دار الحرية للطباعة.
- -العليمات، علي مصطفى (2015)، مسرح ودراما الطفل، عمان- الاردن : دار وائل للنشر والتوزيع.
-العناني، حنان عبدالحميد (2007)، الدراما والمسرح في تربية الطفل عمان- الاردن : دار الفكر.
-الهيتى، هادي نعمان (1977)، أدب ألأطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، ، بغداد.:دار الحرية للطباعه.
-علي، أسامه عبدالرحيم (2006)، القيم التربوية في صحافة ألأطفال، القاهرة : إيتراك للطباعة والنشر والتوزيع
.
-عيسى، فوزى(1998)، ادب ألأطفال (الشعر- مسرح الطفل، القصة)، الاسكندريه : منشأهة المعارف.
-كنعان، احمد علي (1995)، ادب ألأطفال والقيم التربوية، دار الفكر، ديمشق : منشأهة المعارف.
-نجيب،أحمد(1991م)،أدب ألأطفال علم وفن،ألطبعة ألأولى، ،ألقاهرة : دار الفكر العربى.
مودنان، مروان (2015)، مسرح الطفل من النص إلى العرض، الجيزه- ردمك: مطبعة النيل.
--وارد، وينفريد (1966)، مسرح ألأطفال، ت. محمد شاهين الجوهري، القاهرة: الدار المصرية للتأليف والترجمة
.

- بە زمانی ئینگلیزی:

Viola, Ann9(1974). Clarification of Termes.» in siks Geraldine and Hazel. -

**٢- نامە ئەکادیمییەکان**

بە زمانی عەرەبی:

-الأسطل، سماهر عمر(2007)، القيم التربوية المتضمنة في آيات النداء القرآني للمؤمنين وسبل توظيفها في التعليم المدرسي،رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية، كلية التربية، غزة.

-القرني، حسن بن عبدالله بن حسن (1425هـ)ه،القيم التربوية المتضمنة فى النصوص الشعرية المقررة فى أدب المرحلة الثانوية، رسالة الماجستير في التربية الاسلامية والمقارنة، جامعة أم القرى، كلية التربية، مكة المكرمة.

-العاجز،فؤاد على و العمري، العطية (1999)، القيم وطرق تعلُّمها وتعليمها، دراسة مقدمة إلى مؤتمر كلية التربية والفنون تحت عنوان " القيم والتربية في عالم متغير "، إربد، الأردن.

**٣- ئینسایکلۆپیدیا**

-بۆکانی، سابیربەکر مستەفا (2020)، ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، کوردی- عەرەبی – ئینگلیزی، چاپی یەکەم، ،سلێمانی : خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا.

**٤- فەرهەنگ**

بە زمانی کوردی :

-کەریم، ڕزگار (2006)، فەرهەنگی دەریا، عەرەبی- کوردی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، تەهران : چاپخانەی مەهارەت.

-کەریم، ڕزگار (2006)، فەرهەنگی دەریا، عەرەبی- کوردی، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، تەهران: چاپخانەی مەهارەت.

-نظام الدین، فاضل(1977)، ئەستێرە گەشە،فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبییە، بغداد : مطبعة الاجيال.

بە زمانی عەرەبی :

-ابن منظور. للامام العلامة ابن الفضل جمال محمد مکرم(2000)، لسان العرب، مجلد6، بيروت : دار المصادر.

-رواندزي، صادق جوهر حسن (2019م) : قاموس صادق، عربي - كردي، تنقيح:جلال زنگابادي، الطبعة الاولى، اربيل . : دار اربيل للطباعة و النشر.

بە زمانی ئینگلیزی:

Corsini ,R. (1999). THE DICTIONARY OF PSYCHOLOGY, United States, Taylor and Francis Group

**٥- گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

بە زمانی عەرەبی:

هارف ،حسين علي(2010) نظرة تأريخية في مراحل تطور تجربة مسرح الطفل في العراق، مجلة الاكاديمى، بغداد: العدد 53:

## القيم التربوية وفق أسس التكوين الدرامي في مسرح الاطفال

### ملخص البحث

هدفت الدراسة لابراز دور وأهمية المسرح كفن فعال و مشوق من فنون ادب الاطفال لترسيخ و تنمية القيم التربوية عند الاطفال في هذه المرحلة من عمر الطفل في النص المقصود.

وقد استخدمت الباحثة منهج (التحليل الوصفي) لتحليل النص و تحديد القيم التربوية فيه، كما أستخدمت منهج (تحليل المحتوى) كأداة معتمدا على معايير تحليل النص الادبي، تحت ضوء الاسس الرئيسية المشاركة لبناء نص درامي.

نموذج البحث عبارة نص مسرحي (ڕێوی گۆرانی دەڵێت)، والذي أعد من قبل الكاتب المسرحي( برهان قه ره داغي) المأخوذ من كتاب لمسرحية الاطفال بعنوان (ڕێوی گۆرانی دەڵێت)

من اجل أخراج و تحديد القيم بشكل منظم و على أسس علمي، فقد أعتمدت الباحثة على تصنيف (احمد علي كنعان) للقيم التربوية كقياس للقيم.

وقد أظهرت نتيجة البحث في المسرحية ألى أن مجموعة القيم( كمال الشخصية) هي من اكثر القيم المذكورة من بين مجموع القيم بنسبة (22.972%)، و مجموعة القيم (الوطنية والقومية)،هي من بين أقل القيم المذكورة بنسبة(1.351%). ومما جلبت الأنتباه أن من مجموع كل القيم التربوية في المسرحية،و عددهم (74) قيمة متكررة، فأن قيمة (المرح) التابعة لمجموعة قيم (الترويحية والجمالية)، قد ذكرت أكثر من غيرها بنسبة (9.459%).

## Educational Values According to Basic Dramas Structure in Childrens Theatre

**Razaw Rasheed Sabri**
Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
razaw.sabri@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Ibrahim Qader Mohammed**
Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Ibrahim.mohammed@su.edu.krd

**Keywords**: Children Drama, Education, Educational Values, Text, Content Analysis.

## Abstract

The main objective of this study is to determine the significance and the role of theatre as an effective and interesting art of children's literature in planting and developing educational values for children, for the stage of children's age, which the literary text is directed. Descriptive analysis is the method that this paper uses for analyzing the text, and reaching its hypophysis. The paper uses content analysis as its tool for underlining the educational values portrayed in the selected literary text, depending on the criteria of textual analysis in the light of the basic principles that participate in building the dramatical texts .

Burhan Qaradaghi’s Rewy Gorany Dalet is the study’s dramatical text. To determine and identify the values that are portrayed in the text in an organized and orderly manner and on a scientific basis, the paper uses Ahmed Ali Kanan’s classification for educational values as its theoretical base and its measurement .

The conclusions of the study show that, in this drama “perfection of personality” value set used the most and it is in the highest rate among other value sets, reaching 22.972%. “The national” value set is used the least and it is at the lowest rate, reaching 1.351 percent. It is worth mentioning that among the total educational values used in the play, which are 74 multiple values, the value of “Happiness and play”, which belongs to (entertainment and beauty), is most commonly used, reaching (9.459%**).**